# سێوەکەی کورد!

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

کۆنتێکی فەرەنسی پڵنگێکی هەبوو لە ساواییەوە بەخێوی کردبوو و، لە ناو قەفەسێکدا دایانبوو، هەمیشە کە دەچووە لای ئەو پڵنگە بە قامچییەکەوەی دەرۆیشت. ئەوەی جێگەی تێڕامان بوو، ئەو پڵنگە زۆر ماڵی بوو و، لە رەفتار و هەڵسوکەوتیدا دەردەکەوت، ئەو کۆنتەی زۆر خۆشدەویێت، هەربۆیە خەڵکی پێیان سەیربوو کە ئەم کابرایە هەمیشە بە قامچییەکەوە دەچێتە لای ئەو پڵنگە و، کاتێکیش هۆکارەکەیان لێپرسی، کۆنتەکە وتی: من هەمیشە ئەو راستییەم لە یادە کە ئەم ئاژەڵە بونەوەرێکی دڕندەیە و ماڵی کراوە و، هەر کاتێک بێت دەگەڕێتەوە سەر بنچینە ئاساییەکەی خۆی، بۆیە چاکتر وایە بۆ هەردووکمان قامچی راهێنان هەمیشە لە دەستمدا بێت. بەڵام کاتێک خەڵکی ئەوەندە ئەو قسەیان لەو کابرایە دووبارە کردەوە، تا ناچاریان کرد بۆ چەند جارێک کە بەبێ قامچییەکەی بچێتە ژوورەوە بۆ لای پڵنگەکەی، تا رۆژێکیان هات کە بە بێ قامچی رۆیشتبووە ژوورەوە، پڵنگەکە لەناکاو و بە جۆرێکی چاوەڕواننەکراو، هەڵمەتی بۆ کۆنتەکە برد و هەلا هەلای کرد!

ئەم بەسەرهاتە بەر لە پتر 30 ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری "ریدەرز دایچست"ی ئەمریکیدا خوێندۆتەوە و، نازانم بۆچی کاتی خۆی سەرنجی زۆر راکێشام و، لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵدا دەمگێڕایەوە. بەڵام لەم رۆژانەدا بۆ خۆم هێنامەوە یادم، کاتێک بیرم لە ئاسۆ و دەرەنجامەکانی ململانێی دەسەڵات لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد و، هێزە سیاسییە عێراقییەکان بە گشتی و باڵی شیعە و ئیئتیلاف بە تایبەتی، دەکردەوە.

گرەوکردن لەسەر کۆمەڵێک هێڵ یان ئاراستە کە کورد لەگەڵ ئەم باڵە سیاسییە عێراقییە یان ئەو باڵەی دیکە کۆدەکاتەوە، وەک مەسەلەی ئەو کۆنتە فەرەنسییە و، پڵنگەکەیەتی! چونکە، هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق بە جیاوازی بیروبۆچوونیان"جگە لە حزبی شیوعی عێراق"، کۆکن لەسەر هەڵوێستێکی دیاریکراو سەبارەت بە کورد و داخوازییەکانیان، کە لە ناوەرۆکی هزر و مێشکی هەموویاندایە. من هەرگیز پێم وانییە کە کەسانێکی خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژ لە مامەڵە و پێوەندیکردن لەگەڵ ئەو هێزە عێراقییانەدا، وەک بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال، بە بنچەی بیرکردنەوەی ئەو هێزانە نەزانن و، شارەزای حەساسییەتی لە رادەبەدەریان ناکەن لە مەڕ داواکارییەکانی گەلی کورد. بەڵام ئەوەی سەرنج رادەکێشێت، ئەو دوو سەرکردەیە هەندێک جار و، لەو ئاستەی کە"پێویست" و "باشە" بۆ کورد لە مامەڵەکردن و پێوەندی لەگەڵیاندا، تێدەپەڕێنن.

بەڵی راستە، کە زۆر جار فشاری سیاسی ئەمریکا بۆ سەر ئەو دوو سەرکردە کوردە، ناچاریان دەکات هەندێ مانۆری سیاسی بە مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندی سیاسی ئەمریکا لە

عێراقدا، ئەنجام دەدەن. ئەو مانۆرانەش، بەگرتنە بەرچاوی ئەو ڕاستییەی کە جۆرە قورساییەکی ڕۆڵی سیاسی کورد لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە نیشان دەدات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، کورد پتر بەرەو چوارچێوەی"عێراقیبوون"دەبات و، هێدی هێدی ئەو ڕەنگە تێرە نەتەوایەتییەی کە بە بزافی ڕزگاریخوازی کوردەوەیە، کاڵتر دەبێتەوە. هەڵبەتە سەرنجی "هەندێ" ناوەندی سیاسی بەئاگا لەسەر ئەو مامەڵەکردنەی واشینتۆن لەگەڵ کوردا، بەتایبەتی لە داگیرسانی گڵۆپی سەوز بۆ بەخشینی پۆستی سەرۆکایەتییەکی"ئیفلیجی"عێراق بە مام جەلال و، بوار ڕەخساندن بۆ ئەوەی کاک مەسعود ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێ سەرئێشە، لە خودی خۆیدا دڵخۆشکردن و خەریککردنێکی کاتی سەرکردایەتی سیاسی کوردە لەم قۆناغە هەستیارەی کە عێراق و ناوچەکە تێیدا گوزەردەکات.

ئەمریکا، وەک دەڵێن بە بەردێک دوو چۆلەکەی خستۆتە خوارەوە! ئەو هەردوو سەرکردەی کوردی بە ژیرانە ڕازیکرد و، لە هەمان کاتیشدا، بۆ مەبەستەکانی خۆی ئەوان لە چەند هێڵێکی دیاریکراودا ئاراستەدەکات، ئەو ناوەندانە، پێیان وایە، کە سەرکردایەتی کورد دەبێتە پتر چاو و مێشکی خۆی لە بەرامبەر هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بکاتەوە و، لە چوارچێوەی ئەو سادەیی و خۆشباوەڕییەوەی بێنە دەرەوە.

سیاسەتی ئەمریکا، سیاسەتێکی زانستی و لەسەر چەندین بنەما و پێکهاتەی جیاواز دروست و ئاراستە دەکرێت. مەسەلەی کات و جۆری سوود وەرگرتن لە ڕەهەندەکانی، یەکێکە لە بنچینە سەرەکییە گرنگەکانی ئەو سیاسەتە. ئەگەر دۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوینی تایبەت بە ململانێی عەرەب و ئیسرائیل بهێنینەوە یادمان، دەبینین ئەمریکا لەو کاتەی کە کەوتە نێوان عەرەب و ئیسرائیلەوە، لە میانەی هەوڵی ڕاستەوخۆی وەک دەستپێشخەرییەکەی"وەلیەم ڕۆجەرز"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یان هەوڵی ناڕاستەوخۆی وەک هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە میانەی ناوبژیوانی نێردراوی نێودەوڵەتی"گۆنار یارنگ"، ئەوا دەبینین کە ئەو دوو هەوڵە هەمیشە بە قازانجی هێڵە سەرەکییەکانی بەرژەوەندی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بوون. ئەمە و، سەرباری ئەوەی کە ئەو سیاسەتە کارێکی دینامیکی بوو کە بەردەوامی یەکێک لە هێما زەقەکانی بوو. هەر بۆیە، دوا بە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی1973، لە نێوان عەەب و ئیسرائیل، سیاسەتی هەنگاو دوای هەنگاو"steap by steap"ی سیاسەتمەداری ئەمریکی بەناوبانگ"هنری کیسنگەر"هاتەئاراوە. ئەم سیاسەتە ژیر و هەستیارە، دەرەنجامە ئیستراتیجییەکانی لە کامپ دیڤید و ئۆسلۆ و ئەو ڕێککەوتنە سیاسی و ئابووری و زانستییانەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکاندا، گرێدەدرێت، بە ئاشکرا بەرجەستەبوو.

هەناسە و ڕەنگوبۆی ئەو سیاسەتەی گیسنگەر بە هەموو هەنگاوەکانی سیاسەتی ئەمریکاوە سەبارەت بە عێراق بە گشتی و کورد بەتایبەتی، بە جوانی دیارە.

تێکشکانی عێراقی شۆڤینیزمی عەرەبی و، هاتنە ئارای کۆمەڵە ئاراستەی سیاسی جیاواز کە لەگەڵ ئەوەی دۆزی کوردی چەندەها قۆناغ"نەک هەنگاو"بردۆتە پێشەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا و، لە میانەی یارییەکی سیاسی یەکجار زیرەک و هەستیاردا، سیاسەتی ئەمریکا بەرەو ئەوە دەڕوات کە سوودێکی مەزن لە یاریکردن بە کارتی کورد وەربگرێت کە خزمەتی ئیستراتیجیەتە

دووردرێژەکەی لە ناوچەکە و جیهاندا بکات، بەتایبەتی کاتێک جۆرە بێدەنگی و بێ هەڵویستییەکی نائاسایی لەلایەن کوردەوە بەدیدەکرێت.

کورد دەبێت بڕوانێتە جموجۆڵی عەرەبە سوننەکان و، چۆن ژیانی ڕۆژانەی سەرانسەری ناوەڕاست و باشووری عێراقیان خستۆتە نائارامییەوە و، سەرنجی هەموو ناوەندە سیاسییەکانی ڕۆژاوایان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە و، لە بەرامبەر ئەوەشدا، دەبێت بیر لەم پێگەی ئێستای خۆی بکاتەوە کە گەیشتۆتە ڕێگەیەکی نەک بەستراو بەڵکو نادیار!

کورد دەبێت هەوڵ بدات، فشار بخاتە سەر ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا و، جارێکی تر سەرنجی جیهان بە لای خۆیدا ڕابکێشێتەوە و، لەو خەیاڵ پڵاوە بێتە دەرەوە کە پێی وابێت ئیدی هەموو شتێک بە دڵی خۆی دەبێت، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموو شتێک بە دڵی ئەو هێز و لایەنانە دەبێت کە ئاراستەی ڕووداوەکان دەجوڵێنن، نەک ئەوانەی دەمیان لەژێر درختەکەدا داچەقاندووە و، چاوەڕێی سێوەکەن بکەوێتە ناو دەمیانەوە!